## ئامانجەکانی سەندیکا

**ئاماژە بە ماددەی (سێ یەم) لە یاسای سەندیکا ژمارە ١٥ ی ساڵی ١٩٩٩ ، سەندیکا هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە:**

١. **کۆکردنەوەی ووزەی ئەندازیاران و یەکخستنی تواناکانیان ، تا بەرۆڵی کاریگەری خۆیان هەستن بۆ بنیات نانەوەی ئەوەی لە کوردستاندا وێران کراوە ، هەروەها پاڵپشتی کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی فیدراڵی و پتەوکردنی.**

٢. **کارکردن لە پێناو جێ بەجێ کردنی کارە ئەندازەییەکان بە پێ ی مەرجە هونەری و قیاسیە کارپێکراوەکان.**

٣. **کارکردن لە پێناو بەرزکردنەوەی رادەی زانستی و کۆمەلاَ یەتی و تەندروستی ئەندامانی.**

٤. **هاریکاری کردن لەگەڵ رێکخراوەکان و کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییەکانی تردا لەناو هەرێم و دەرەوەداو پتەو کردنی پەیوەندیە رۆشنبیری و زانستیەکان لە گەڵیاندا.**

٥. **هەوڵدان بۆ زامنکردنی پاشە رۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیریەتی و پەککەوتەیدا و قەرەبوو کردنەوەیان لەو کارەساتانەی کەبەسەریان دێ.**

٦. **رێکخستنی بنەماکانی دەستدانە پیشەو چاودێری کردنی پیادەکردنیان.**

٧. **بەشداری کردن لە پارێزگاری کردنی ژینگە لە پیس بوون.**